# چۆنیەتیی ڕۆڵـی ترس لە بەهێزبونی شارستانیەتدا؛ شـاری (قوستەنتینیە) بە نمونە (٣٣٠-٤٥٠ز)

**سامان عثمان علی[١]، اسماعیل خالند ناوخۆش[٢]، ماهیر تاهیر[٣] و احمد عبدالرحمان احمد[٤]**

[١،٤] بەشی مێژوو، فەکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٣] توێژەری سەربەخۆ

## پوختە

ترس وەک ڕەگەزێکی بەهێز و یەکلاکەرەوە، بەدرێژاییی مێژوی مرۆڤایەتی، کاریگەریی لەسەر مرۆڤ و پاڵنەرەکانی پشت ویست و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ داناوە، وەکو بنەمای سەرەکیی شارستانیەت، سەدەکانی ناوەڕاستیش شایەتی سەرهەڵدانی ئاکاری شارستانیەتێکن کە یەکێکە لەشاکارە دێرینەکانی مرۆڤی ئەم چاخە، شاری (قوستەنتینیە)، کە ترس بو بە هۆی ئەوەی بنیادنەران و پارێزەرانی ئەم شارە لە ژێر فشاری ترسدا هەر هۆیەک بگرنەبەر، کە پێگەی شارستانیەتی ئەم شارە بپارێزن، کە سەرەڕای فشار و پەلاماری هێزی جیاواز، بەڵام بەگەشاوەیی مایەوە. ترس، تەنیا ڕۆڵ لە دروستبون و پاراستنی ناگێڕێت؛ بەڵکو شوێن و چەندین هۆکاری تر ڕۆڵ دەبینن، وادەکەن ئەم شارستانیەتە بەرگە دەگرێت و دەبێتە ناوەندی پڕکردنەوەی پێویستیی ئەو کۆمەڵە مرۆییەی لەناوی دەژین، بۆیە لەم قۆناغەدا ترس، ڕۆڵی گرنگ لە سەرهەڵدان و مانەوەی شارستانیەتدا دەگێڕێت. ئەم توێژینەوەیە، قسە لەسەر کاریگەریی ترس لە بەهێزبونی ڕەگەزەکانی ناوکی شارستانیەت و کاریگەربونی لەسەر دۆخی هەمەلایەنی شارستانیەت وەکو ناوەندێک لەم قۆناغە مێژوییەدا، دەکات. ئەم توێژینەوەیە لە سێ باس پێکدێت، باسی یەکەم تایبەتە بە شیکردنەوەی مەبەستی سەرهەڵدانی شارستانیەت، باسی دووەم بە چوار خاڵ، باس لە کاریگەریی ترس لەسەر سەرهەڵدان و بەهێزبونی ڕەگەزەکانی شارستانیەت دەکات؛ خاڵی یەکەم باسی کۆمەڵ و پێویستی دەکات، چۆن ترس کاریگەریی لەسەر ئەم ڕەگەزە هەیە ئەویش لەسەر شارستانیەت، لە خاڵی دووەم باسی دەوڵەت دەکات، کە ئەم شارە توانیویەتی ببێتە ناوەندی یەکەی سیاسی، کە ناوکی شارستانیەت بزوێنەریەتی، خاڵی سێیەم باسی شار و گرنگیی ئەم ڕەگەزە خراوەتەڕو، خاڵی چوارەم لایەنی هزر و بیروباوەڕی ناوەندی. باسی سێیەم و کۆتاییش باسی شاری (قوستەنتینیە) وەکو ناوکی شارستانیەت و ترس وەکو فاکتەری مانەوە و گەشانەوەی دەخەینە بەرباس.

**وشە سەرەکییەکان:** ترس، قوستەنتینیە، سەرهەڵدان، شارستانیەت، هێز.

## پێشەکی [1]

بونی کاریگەریی ترس لەناو خودی جیهانی هزر و بیری مرۆڤەکان، لە کۆنەوە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت، یەکێکە لە بابەتە زیندووەکانی مێژوی مرۆڤایەتی، هەر بۆیە تا ئەمڕۆش بەدوای شیکردنەوە و تێگەیشتنیدا دەگەڕێن، لەبەرئەوەی وەک ئاماژەمان پێدا، بەدرێژایی مێژو تا ئەمڕۆش ئەم ترسەی ئێمە کردومانە بەچەقی توێژینەوەکەمان، کاریگەریی زۆری لەسەر گۆڕانی هاوکێشەی ڕۆژهەڤ هەبووە و دەشبێت، چونکە (قوستەنتینیە) خاوەنی جیۆپۆلەتیکێکی هێندە گرنگە، وایکردووە کاریگەریی گەورەی بەسەر ڕوداو و پێشهاتە سیاسییەکانەوە هەبێت، بەهەمان فۆڕمە سیاسی و جوگرافییە گرنگەکەی ماوەتەوە و مێژو و قۆناغە مێژوییەکان و هێزە سیاسییەکانیش نەیانتوانیوە خۆیان لە کاریگەریی ئەم ترسە دەربازبکەن و تێی بپەڕێنن، ئەمەش هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بو بۆ ئەوەی چەردەیەک لە گرنگیی ترس و ڕەگەزەکانی بەهێزبونی شارستانیەت بەنمونەی شاری (قوستەنتینیە) لە ناو شارستانیەتی سیاسی بخەینەڕو. تاڕادەیەکی زۆر هۆیەکی سەرەکی بوو، لە بنیادنانی ناوەندێکی بەهێز، ڕۆڵگێڕیشی لە گۆڕەپانی ململانێیە سیاسییەکان، لە هەمان کاتدا هێزی خاوەنی ئەم ترسە هاوشێوەی هێزەکانی تر ڕۆڵگێڕ و سەرکێشی چالاکیی سیاسی بووە .

ئەگەرچی چوارچێوەی توێژینەوەکە لەنێوان (٣٣٠-٤٥٠ز)دایە، باس لە شاری(قوستەنتینیە)دەکات، سەردەمی فەرمانڕەوای (قوستەنتینی یەکەم ٣٠٧-٣٣٧ز) ، ئەم شارە دوبارە نۆژەندەکرێتەوە و بەهێزدەکرێت، هەتا کۆتاییی سەردەمی

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٩، ژمارە ١ (٢٠٢٦)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٧ تشرینی دووەم ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١١ نیسان ٢٠٢٥
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٨ کانوونی دووەم ٢٠٢٦ بڵاوکراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر : Ismael.nawkhosh@soran.edi.iq

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٦ سامان عثمان علی، اسماعیل خالند ناوخۆش، ماهیر تاهیر و احمد عبدالرحمان احمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 40.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp20-28

(ثیۆدوری دووەم)، دوبارە شارەکە توندوتۆڵ دەکاتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی بەرگەگرتن و مانەوەی بۆ ماوەی چەندین سەدە دوای خۆی، بەڵام کاریگەرییەکانی ترس لەسەر بەهێزبونی شارستانیەت لە ناوخۆ و دەرەوە، ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی بەدوای خۆیداهێناوە. کارلێکی قۆناغە مێژوییە جیاوازەکان گەشەی بە حیکمەتی مێژویی داوە و زیندویێتی و زانستی پشتڕاست کردۆتەوە ، بەوەی بەڕونی مێژو و زەمەن و قۆناغەکانی بەم کاریگەرییەی خۆی لەمەڕ ئەم بابەتە لەسەر ڕۆڵی ترس و کاریگەریی لەسەر شارستانیەتی مرۆڤایەتی ساغکردۆتەوە.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوە سەرچاوە دەگرێت، ترسێک دەبێتە بناغەی مانەوەی هێزی سیاسیی گشت قۆناغە مێژوییەکان، بەهەمان ڕۆڵ و کاریگەری لەنێو ناوەندی ململانێیەکان، ئەمەش هۆیەکی بنەڕەتییە لە هەبونی ترس و مانەوەی وەکو ناوەندێکی شارستانیەت.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت چەردەیەک لەسەر ئەو تێگەیشتنە بخرێتەڕو کە ترس چەندە هێزی هەیە لە نێو بناغەی دارشتنی بنەماکانی شارستانیەت. پرسیاری سەرەکیی لەم بابەتە ئەوەیە، ئەوەی (قوستەنتینیە)ی پاراست هێزی سیاسی بو؟ یان هێزی ترس بو؟

لەڕوی پێکهاتەی توێژینەوە، توێژینەوەکە دابەشی سەر سێ باس کراوە، باسی یەکەم، تایبەتە بە شیکردنەوەی مەبەستی سەرهەڵدانی شارستانیەت، لە باسی دووەمدا، بەچوار خاڵ باس لەکاریگەریی ترس لەسەر سەرهەڵدان و بەهێزبونی ڕەگەزەکانی شارستانیەت کراوە، خاڵی یەکەم ئاماژە بە کۆمەڵ و پێویستی دراوە، کە ئایا چۆن ترس کاریگەریی لەسەر ئەم ڕەگەزە هەیە؟ ئەویش لەسەر شارستانیەت، لەخاڵی دووەم تیشک خراوەتە سەر چەمکی دەوڵەت و گرنگیی و کاریگەرییەکەی، کە ئەم شارە توانیویەتی ببێتە ناوەندی یەکەی سیاسی، کە بنەمای شارستانیەت بزوێنەریەتی، خاڵی سێیەم باسی شار و گرنگیی ئەم ڕەگەزە خراوەتەڕو، خاڵی چوارەم لایەنی هزر و بیروباوەڕی ناوەندی، باسی سێیەم و کۆتاییش، باسی شاری (قوستەنتینیە)، وەکو ناوکی شارستانیەت و ترس وەکو فاکتەری مانەوە و گەشانەوەی دەخرێنە بەرباس.

## ١. دەروازە: چەمک و زاراوەی ترس، کاریگەریی لە سەر ڕەگەزەکانی شارستانیەت

### ١.١ چەمک و زاراوەی ترس.

ترس بە هەردو شێوەی ئەرێنی و نەرێنی کاریگەری و پاڵنەریشە بۆ ڕودانی ڕوداوەکان، ترس غەریزەیەکی سروشتیی ناخی مرۆڤەکانە، پەی بردنە بە مەترسییە دەرەکییەکان. ترس بارێکی دەرونیی ئاڵۆزی دەرەکی و ناوەکییە، دەوری مرۆڤەکانی داوە، بەدیوە نەرێنیەکەی سەدان ملیۆن مرۆڤی پێوە گرفتارە، جا مرۆڤ بۆ پاراستنی هەبووەکانی هەمیشە هانا و هەوڵ و کۆششەکانی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی بیانپارێزێت ئەوەش بەدرێژایی مێژو هەبووە(ڕەبانی،2013، ٢٠-٢١؛ بونکەر، ٢٠٠٨، ٧).

لە ڕوی زمانی، ترس زادە و دەرخەری دۆخی دەرونی مرۆڤە، لە زمانی کوردیدا (ترس)، واتای چەمک و کۆکەرەوەی گشت شێوە و جۆرەکانی دەگەیێنێ، لە فەرهەنگی خاڵ بەم شێوەیە هاتووە(ترس، ترسان، ترساندن، ترساو، ترسە ترس، ترسناک، ترسنۆک، ترسناک)، چۆنیەتییەکە بەسەر گیاندار دێت لەکاتی بینین یان بیستینی شتێک، کە گیانی لێ سڵ بکاتەوە و دڵی بکەوتە کورپە کورپ(خاڵ، ١٩٦٠، ١/ ٢٨٠-٢٨١). لە پەرتوکی (لسان العرب) چەمکی ترس بەم شێوەیە هاتووە (خوف: الخوف: الفزع، خافه یخافه خوفا وخیفة ومخافة)، کە نیشاندانی دۆخێکی نائاسایی و ئاڵۆزی دەرونیی و بالْکێشە، تێکچونی هاوسەنگیی دۆخی لەبارە (ابن منظور، ١٩٩٨، ٥/ ١٨٠) ، لە

پەرتوکی (القاموس المحیط)دا، چەمکی ترس بە(خاف یخاف خوفا وخیفا ومخافة وخیفة )کە واتای ترس دەدەن، بەڵام هەریەکەیان بەڵگەیە لەسەر دۆخ و واتایەکی تایبەت بەو دۆخەی بەهۆی ئەم دۆخە توشیان دێت. (الفیروزآبادي، ١٩٩٨، ١/ ٧٤٧). لە ئینگلیزی (awe)و دابەشکراوە بەسەر چەند جۆرێک لەوانە ((panic کەترسێکی تۆقێنەرە و بارێکی دیاریکراوی نییە، ترسێکی تر(phobia) ئەوەش نەستێکی نائەقڵانییە، ترسێکی تر (obsession) وەسوەسە، خەیاڵ و لێکدانەوەکانە مرۆڤ کۆت و بەند دەکات، جۆری کۆتایی(PTSD) ، ئەمە زیاتر پاش کارەساتێکی تراژیدی سەرهەڵدەدات. زاراوە گشتییەکەی پێناسەی ڕادەی تۆقینی مرۆڤەکان دەکات. (قەزاز، ئازاد، ٢٠١٠، ل١٨-١٩-٢٠). گەلێک هۆکاری دەرونی و بایلۆجی و کۆمەڵایەتی، پاڵنەرن بۆ سەرهەڵدان و دروستبونی ترس، لەوانە هۆکاری کۆمەڵایەتی، خێزان و کۆمەڵگا بەرپرسن لە دروستبونی وەها دۆخێک. هۆکاری سایکۆلۆژی، پەیوەندیی بەژیانی کەسەکەوە هەیە، کە پێیدا تێپەڕیوە و ئەزمونی ئافرێنەری ئەم ترسەیە. دۆخی مێژویی دەبێتە ترسێکی نادیار بۆ داهاتو، هەرچی هۆکاری بایلۆجییە (٪٢٠)ی مرۆڤانی سەر زەوی جۆرێکی هەستیاری ترسیان تێدا زاڵە، (حسن، ٢٠٠٩ ،٧٠؛ قەزاز، ٢٠10، 16-17)، ڕابردو سەلماندویەتی، گەشەی شارستانیەت پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ سەرجەم لایەنی ژیاریی و مرۆیی، بۆتە تۆمارێکیش بەسەر ئەو پاڵنەرانەوە، کە کاریگەرییان بەسەر مێژودا هەبووە، ترسیش یەکێکە لە پاڵنەرەکان، کە بونی سەلمێنراوە، چونکە لە بەهێزترین هەستە ناوەکییەکانی مرۆڤی وشیار و هەستپێکەر و پەیپێبەرە (فارابی،2019، ٩٠-٩١-٩٥)، هەبونی ئاگاداری لە ترسەکان، هەنگاوی یەکەمە لەبارەی چەندایەتی و چۆنایەتیی ڕوبەڕوبونەوەی ترس و شێوەکانی، بۆیە مرۆڤەکان هەمیشە بەدوای چۆنیەتیی ڕوبەڕوبونەوە بون، ئەوەش زۆرێک لە گۆڕانکارییە گەورەکانی ژیانی ئادەمی بووە (قەرەچەتانی، ٢٠١٥، ٣٨٦-٣٩٠.(

بۆیە ترس، هاوشێوەی کەشوهەوا و شوێن، خاوەن کاریگەریی بەهێزە لەسەر مرۆڤ و بیرکردنەوەکانی (المسعودي، ١٩٨١: ١/ ٥٥- ١٠٥؛ ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ١/ ٢٦٦-٢٧٣). بنەماکانی دروستبونی شارستانیەت و کۆمەڵی مرۆیی، پەیوەندیی بەتینیان لەنێوانداپە هەر ئەوەش وادەکات بنەماکانی گۆڕان و گەشەسەندن بێنە ئاراوە و هەستی پێ بکرێت لێرەشەوە مێژو بە جۆرێکی تر لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییە لەدایکدەبێت(قادر، ٢٠٠٨، ٩٦-٩٧). ترس وەکو جوگرافیا کاریگەریی قووڵتر دادەنێت، بە کۆڵەگە و بنەمای ئاوێتە دادەنرێت لەگەڵ مرۆڤ لە سەرهەڵدانی شارستانیەت، چونکە ترس دواجار سەرچاوەی دابینکردنی پێوستی و گەشەی ژیارییە بۆ کۆمەڵی مرۆیی، لە ململانێی کۆیلایەتی سروشت براوە بووە، ئەمەش بە زەحمەتێکی زۆر و ماوەیەکی درێژ وەدی هاتووە؛ هەمو ئەو پرسیارانەی سەرەتا دەربارەی دیاردە سروشتییەکانی دەوروبەری، لە زەینی جێگای تێڕامان بون، دواتر بونە بنەمای دەستکەوت و داهێنان (ملاح، ٢٠١٣، ٣٢-٣٣؛ ئیبراهیم، ٢٠١٠، ١٩٤. (

ترس خاوەن کاریگەریی زۆرە بەسەر شارستانیەتەوە، وەکو ئاماژەمان پێدا، پرسیاری مرۆڤەکان لە سەرەتای شارستانیەت پرسیاری سادەبون دەربارەی بون، دەربارەی سروشتی دەوروبەری بون، ئاستی زانین و تێگەیشتنی مرۆڤ لە چوارچێوەی تێیدا ژیاوە، ژیانیشی بەترس دەورە درابون، دەربارەی دەوروبەر و سروشت پرسیویەتی، هەمو ئەو دەستکەوتانەی شارستانیەتی لەسەر بنیاد نراوە و بەرهەمی ڕەنج و تێکۆشانی کۆمەڵی مرۆییە، کە لەململانێکانی بەسەر ترسە تۆقێنەرەکانی سەرکەوتو بووە، بە سەرنجدان لە یەکەم شارستانیەت بەدی دەکرێت. تێگەیشتنی بیرمەندانی شارەزا لەشارستانیەت و ترس، لە گرنگی و بایەخی ترسیش وردبونەتەوە و کردویانەتە جێگای

گەنگەشە و جێ سەرنجی پرسە بنەڕەتییەکانە. لەم بارەیەوە کە زۆرتر گەشە و گۆڕانکاری و تەنانەت بەجەوهەر دانانی ترسی ترس لە کاریگەری لەسەر هۆشمەندی و تەواوی کایەکانی ژیانی زانیوە( ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ١/ ٣٤٤- ٣٤٥؛ دیورانت، ٢٠١١، ٣٧؛ جواد، ٢٠١٩، ٥٢٨). ئەم تێگەیشتنە ڕەهەندی قووڵی ترسی دەرخست و جارێکی تر پرسەکانی بە کاریگەریی ترس بەسەر کۆی پرۆسەکە پەیوەندیدار کرد. هەرچەند (ولیەم لاینبز) تاڕادەیەك لەگەڵ ڕای (کانت) لەسەر جەوهەری ترس ناکۆك بو، تەنانەت ڕەتی کردۆتەوە، بەڵام لەبارەی دەرخستنی ڕۆڵی جیۆپۆلەتیك لە شارستانیەت لەڕوانگەی (کانت)وایکردووە (ولیەم لاینبز)یش هاوڕای (ئیمانوێل کانت)بێت، بۆیە گەر سەرنج بدەینە ناوەڕۆکی بابەتەکە، شاری (قوستەنتینیە) پێگەیەکی گرنگی شارستانیی پێ بەخشیبو، گرنگییەکەشی هەر ئەوە نەبو کە پایتەختی بێزەنتییەکان بو؛ بەڵکو ناوەندی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتیش بو، جگە لەوەی جێمەبەستی بازرگانانیش بوو(المسعودي، ٢٠٠٥، ١٧٤؛ الهمداني، ١٩٨٨، ١٣٩- ١٤٠؛ ابن بطوطه، ٢٠٢٠، ٢٤٩-٤٥٠؛ قاید، د، س، ٢٧٩-٢٨٠).

## ٢. کاریگەریی ترس لەسەر ڕەگەزەکانی شارستانیەت.

### ٢. ١ کۆمەڵ و پێویستی:

وەکو پێشتر باسی جەوهەری ترس لای فەیلەسوفان کرا، دەرکەوت ماهیەت و بەهای ترس پەیوەستە بە خواستی کۆمەڵ و لەوەش گرنگتر بریتییە لە توانای ترس بۆ تێرکردنی پێداویستییەکان، ئەمە بە بنەمای سەرەکی دانراوە لەسەرەتای سەرهەڵدانی شارستانیەتیەکاندا، چونکە کۆمەڵ بەهۆی سێ بنەما دروست بووە، یەکەم بونی پەیوەندیی خزمایەتی و پێویستی و ترس، بەڵام شوێنی نیشتەجێبون و چالاکیی زیندەیی، ئەوە خۆی بەو خاڵە زیاتر پەیوەست دەکرد ئەویش بریتیبو لە پڕکردنەوەی پێداویستیی تاکەکانی کۆمەڵ، لە بەرئەنجامی ڕادەی پێدان و تێرکردنی خواستی تاکەکان و هەماهەنگی لەگەڵیان، دەبووە هۆی زیادبونی چالاکیی زیندەیی و نەشونمای کۆمەڵگا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤ لە قۆناغی سەرەتایی بە کۆمەڵێك سەختیی زۆردا ڕەتبووە، بەهۆی نا کارلێکی ترس و پێداوستیی کۆمەڵ، بەڕادەیەك توانای هەبووە کاریگەریی زۆر لە شێواز و سروشتی شارستانیەت بکات (ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ١/ ٣٤٤؛ الحمري، ١٩٨٤، ٣٨١؛ ابن رسته، ١٨٩٣، ١٢٠؛ قادر، ٢٠٠٨، ٩٧-٩٨). پێویستی پاڵنەرێکە بۆ سەرهەڵدان و هەماهەنگیی مرۆڤەکان بۆ یەکتر، کۆمەڵیش بە گیانی هاوکاری گەشەدەکات، بەڕادەیەك ئەم پرسە لەنێوان مێژوزاناناندا جێگای گفتوگۆیە، چونکە بەشێك پێیانوایە کۆمەڵی مرۆیی هۆی سەرهەڵدانی شارستانیەتە، ئینجا دواتر پێویستیی ژیان دێت (پیرداودی، ٢٠١٠،١٠٣)، ئەم بیرکردنەوەیەش بیرکردنەوەیەکی جیهانییە و پێیانوایە یەکێک لە ڕەگەزەکانی شارستانیەت کۆمەڵگایە (محەمەد، ٢٠١٠، ٦٦-٦٧).

شارستانیەتی مەسیحی، خاوەن ناوەندێکی گرنگ بو ئەویش شارستانیەتی (بێزەنتیە)،کە وێنەیەك لەو سێ بابەتەی باسمان کرد، تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە بەکۆمەڵبون و وە دەستخستنی پێویستی و بەرئەنجامی ترسە لە لەناوچون، ئینجا پاڵنەرەکانی تریش لەدایك دەبن(ابن بطوطه، ٢٠٢٠، ٢٤٩؛ قادر، ٢٠٠٨، ٩٧). لە ڕاستیدا داگیرکردنی ئیمپراتۆریەتی (ڕۆمانی) لە خۆرئاوا ئەو ترسەی خستە دڵی ئیمپراتۆریەتی (بێزەنتی)، کە بە شێوازێکی نوێ بە گونجان لەگەڵ سروشتی ئەوکات خۆی بگونجێنێت و سیستەمێکی پێشکەوتو دابڕێژێت، کە وەڵامدەرەوەی کۆمەڵگای ئەوکاتی بێزەنتی بێت، تا بتوانێت خۆی بەرانبەر بە مەترسییەکانی لەناوچونی هاوشێوەی خۆرئاوا ڕابگرێت، ئەویش لە دەستگرتن بە ئاین و سیستەمێکی پێشکەوتوی کارگێری و سەروەریی یاسا، خۆی دەبینێتەوە. (عمران ، 2011، 201)، سیاسەت لەدایك دەبێت (پیرداودی،٢٠١٠،١٠٣). بە لەدایکبونی سیاسەت دەوڵەتیش پێدەگرێت، وەکو ناوکی شارستانیەت. ئەوە واتای ئەوەنیە ئێمە ئەم پێکرتنەی شارستانیەت ڕۆڵی تاکەکەس تێیدا لەناوبەرین، بەڵکو قۆناغە مێژوییەکە ڕەنگدانەوەی کرداری کاریزمای بون، گومانیش لەوەدانەییە ڕوداو و گۆڕانکارییەکان ڕۆڵی کاریزمای بنیادنەریش بەتەواوی کاریگەرە (علی، ٢٠١٧، ٢٢٧). لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی بێزەنتی کۆمەڵگەیەکی سەربازی نەبو هاوشێوەی خۆرئاوا، بەڵام بارودۆخی ناوچەکە و دەوروەدرانی بێزەنتە بە دوژمنانی ئەو ترسەی لەلا دروستکردبون، کە گرنگی بە لایەنەکانی سەربازی بدەن و تیایدا هونەرەکانی جەنگ و چۆنیەتیی ڕێکخستن و ڕوبەڕوبونەوە دەخوێندران و تیایدا سەرکەوتوش بو(الشامي، 2002، 46)، بۆیەش ئەگەر سەرنج بدەینە شاری بێزەنتە یاخود (قوستەنتینیە) لە (٣٣٠ز) پاش بنیادنانی دەکرێتە پایتەخت، کە خاوەنی تەوای ئەم تایبەتمەندیانەیە کە بۆشارستانیەت هاوکار دەبن بۆ کردنەوەی دەروازی گەشەسەندن (کۆریک، ٢٠١٢،١٢). وەکوو (ئیمانوێل کانت) جەخت لەسەر جەوهەری ترس دەکاتەوە جەخت لەسەر گرنگی ترسی ترس دەکاتەوە بۆ گەشە و پێشکەوتن (قاید، د، س،١٧٩). دەتوانین بڵێین ترس وەکو پارێزەری کۆمەڵ و دابینکەری پێویستیی دەوڵەتیش جێگای بایەخ بووە لە زەینی مرۆڤدا، کۆمەڵ و پێوستی دوو پاڵنەری سەرهەڵدانی ناوکی شارستانیەتن هەڵبەتە بەهەبوونی هەماهەنگی لەگەڵ فاکتەرەکانی تردا .

### ٢. ٢ دەوڵەت:

دەوڵەت لەگەل سەرهەڵدانی سیاسەت لەدایك دەبێت، سەرەکیترین ڕەگەزی سەرهەڵدان و پێکرتنی شارستانیەتە، چونکە بە تێگەیشتن لە سروشتی ژیانی مرۆڤ سیاسەت پەیوەندیی بەمەدەنیەتەوە هەیە، لە گشت یەکەکانیش زیاتر پەیوەندیی بە دەوڵەت هەیە. دونیای ڕابردو دونیای فراوانخوازی و پاوانخوازی بووە، کە دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتەکانی تێدا لەدایکبون (الهمذاني، ١٣٠٢، ١٣٦؛ قانع،٢٠١٦، ١١). دەوڵەت، ناوەندی شارستانیەتە و خاوەنی چەند بزوێنەرێکە، ئەویش ترس و دەمارگیری و ئاینە، کە جۆشدانی سیاسیی لەسەر بنیات دەنرێت، ئەگەر سەرنج بدرێتە دەوڵەتی ڕۆمیی بێزەنتی بەڕونی هەستی پێ دەکرێت(البکري، ٢٠٠٣، ٢٧٣؛ ئازاد، علی،٢٠١٨، ٣). وردتر لەوەش، دەوڵەت و دەسەڵاتداری، پێویستییەکی مرۆیین بۆ ڕێکخستنی شارستانیەت و گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە و مانەوەی، بۆیە لەنێو شارەزایانی بواری شارستانیەتدا گرنگی و بایەخی زۆری هەیە (الهمذاني، ١٣٠٢، ١٣٦؛ الهروي، ٢٠٠٢، ٥٣؛ ابو الفیداء، ١٨٣٠، ٢١٤؛ محمد،٢٠١٠، ٤٣).

وەکو ئاشکرایە گشت شارستانیەتێک خاوەن ترس و پێگەیەکی تایبەتی خۆیەتی، دابڕاونیە لەیەکەی سیاسی، کۆنترین شارستانیەت خاوەنی کۆنترین یەکەی سیاسیشە وەکو بنەمای دەوڵەت بە درێژایی قۆناغەکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ڕەگەزی سەرەکیی شارستانیەت دەوڵەتە، ئەویش پێویستی بە هێز هەیە، وەکو وردترین ڕێکخستن لە دەمارگیری و جۆشدان پێکدێت، بەواتایەکی تر دەبێت جۆشدانێکی بەردەوام و پتەو هەبێت تاکو ناوەندی سیاسی بە بەهێزی بمێنێتەوە، ڕەنگە ئەمە بەقووڵی لە تەواوی شارستانیەتەکان ڕەگی داکوتابێت و هەر دەوڵەتێك لە چەند جۆرێك لە جۆشدانی تایبەتی و گشتی بەگوێرەی تێگەیشتن و پێویستیی قۆناغەکان، بەڵام بۆ ئەو قۆناغە زیاتر ئاینی و کلتوری لەم دەوڵەتە ڕەنگدانەوەیان لەسەر پرسەگشتییەکان

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp20-28

هەبووە، لە ئەنجامیش ئەو هێزە دەبێتە داینەمۆی بەگەڕخستن هەڵبەتە بۆچونی ئیبن خەلدونیش جەخت لە پێوستیی دەوڵەت بە شارستانیەت و جۆشدان بۆ بەردەوامیدانی دەکاتەوە، ئەم تیۆرەشی بە حەتمی بۆ شارستانیەتەکان دارشتووە (البکري، ٢٠٠٣، ١٣٧؛ ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ١/ ٣٤٤-٣٧٨؛ ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ٢، ١٠٢-١٠٣؛ ئازاد، علی،٢٠١٨، ٨). هەرچی (ویل دیورانت)ە، بونی دەوڵەت بۆ سەرەتای ململانێی نێوان ڕەگەزەکانی دەگێڕێتەوە، سەرەتا لێرە سەرهەڵدەدەن خۆی بۆ دارشتنی سیستەمە، بەڵام دەرکەوتنی بۆ پێش بەسیستەم کردنە. (دیورانت، ٢٠٠٧، ٦٦-٦٧).

ئەگەر سەرنج بدەین ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی خاوەنی تەواوی پاڵنەر و تایبەتمەندییەکان بووە، بەرادەیەك ناوەندی سیاسی بەر لە دروستکردنی پایتەختی نوێ لە دەوری چەندین جۆشدانی خولاوەتەوە، ئەوەش چ دەوڵەت وەك ڕاگری شارستانیەت و چ مرۆڤ وەك دروستکەری ڕوداوی مێژوویی لەهەمان کاتدا وەکو ئافرێنەری گەشەسەند و بەدیهێنانی دەستکەوت و داهێنانی شارستانیەت، لەهەمان کاتدا ژینگە و پێگەی جوگرافی بۆ دروستبونی دەوڵەوت، بە یەکێك لە دیارترین پاڵنەرەکانی دادەنرێت. سەرهەڵدانی شارستانیەت دەکەوێتە ژێر کاریگەریی شوێنی جوگرافی بۆیە دەبینن (قوستەنتینیە)،وەکو بنکەی دەوڵەتداری، خاوەن ئەو سیماگەلە بووە. (القزویني، ١٩٩٢، ٦٠٣-٦٠٥؛ الإدرسي، ٢٠٠٢، ٨٠١-٨٠٢؛ دیورانت، ٢٠٠٧، ٦٧-٦٨؛ بینز، ١٩٥٠، ١-٢-٣) .

لە ڕاستیدا بەردەوامیی شارستانیەتی بێزەنتی بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکان، بۆ بەهێزیی ڕێکخستنە یاسایی، کارگێڕی، سەربازی و بازرگانییەکان دەگەڕایەوە، سەرەڕای پەیوەستبون بە بیروباوەڕی ئاینی مەسیحی، هۆکاری گەشانەوە و بەرەوپێشچونی شارستانیەتەکەی بووە .

### ٣.٢ شار:

شار وەک ڕەگەزێک، دەوری زۆر گرنگی گێڕاوە وەکو پاڵنەر و سەرهەڵدانی ژیاری و سەرکەوتنی ڕێچکەی بەشارستانیبون، چونکە چەندین هۆز هەبون دەزگای بەدەوڵەتبونیان لەناوخۆیان بەشێوەیەکی نا سیستەم هەبووە، بەڵام تاکو شار سەری هەڵنەدابو، شارستانیەتیش گەشەی نەکردبو، چونکە شار هەماهەنگی و پێکەوەبونە (ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ١/ ٤٠٠؛ الإدرسي، ٢٠٠٢، ٨٠١). شار پڕکردنەوەی پێوستییە هەمەجۆرەکان ئاسان دەکات، هەروەها گەشە بە کێبڕکێی پیشەیی دەدات، تاکو بەشاریبون گەشەی نەکرد، دەوڵەت لەدایك نەبو، (ئیبن خلدون)یش جەخت لە گرنگیی جێگیربونی ئاوەدانی دەکاتەوە، دوای سەرهەڵدانی شار (ویل دیورانت)یش هەمان هزری دەخاتە پێشچاو، کە شار پێویستییەکی سەرەکیی بە شارستانیبونە. پرسیارکردن لە پێوستییەکان بەگوێرەی ترس سەرهەڵدەدن، گەنگەشە دەبێتە هۆی ئەوەی وەڵامی بەشێکی زۆری پێویستییەکان بدرێتەوە. بەم شێوەیە شارستانیەت گەشە دەکات، زۆرێك لەو پێوستییانە کە بۆ ئەو ڕۆژگار زانستی و دەستکەوت و داهێنان بوون، بۆ ئەمڕۆ ناشێن. شارستانیەت بەخودی خۆی ڕەنگدانەوەی ترسە، هەڵبەتە شاریش وەکو ئارامییەك جەخت لە بەردەوامیی پرۆسەی بەمەدەنیبون لەڕێگەی هزری نوێ دەکاتەوە (ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ٢/ ٢٥-١٦٤-٢٧٢؛ دیورانت، ٢٠٠٧،٦٩؛ محمد،٢٠١٠، ٣٧-٣٨).

ئەو پەیوەندییە پتەوەی لەنێوان بەسیستەمبون و شاردا هەیە، بۆ لایەنی هزری و مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە، بە هۆی سروشتی ئەم بونەوەرە، ئینجا هەر بەگەڕخستنی هزریش دەبێتە جێگرەوەی ڕێگای پێشو، بەدەست خستنی پێوستی بەشێوەی زۆر دەستی، بەڵکو لەسەر بنەمای هەماهەنگی، هەر بۆیە دەکرێت بڵێین هەمو گەشەی مێژوی مرۆڤایەتی ڕەنگدانەوەی هزری شارە، کە لە کۆچەرییەوە دەستپێدەکات، بە یەکەی سیاسی و هێز درێژە بەخۆی دەدات، بەشارستانیەتی دەگاتە لوتکە. ئەگەرچی مرۆڤ وەکو سروشتێکی خۆڕسکی مرۆڤ، حەز بەیاسا ناکات، بەڵام شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی ترس وای لێدەکات بەم شێوازەی ژیان ڕازی بێت و مانەوەی خۆی مۆسگەر بکات. ( الهمذاني، ١٣٠٢، ١٣٦؛ لیدمان، ١٩٩٧، ٤٨-٥٩؛ ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ١ /٣٥٦-٣٥٧-٣٥٨) .

### ٤.٢ هزر و ئاین:

هزر و ئاین پەیوەندییەکی بەهێز و ڕاستەوخۆیان لەگەڵ شارستانیەت و مێژودا هەیە، بە چەشنێك چۆن شارستانیەت بەسادەیی بەرەو ئەوپەڕی گەشە هەنگاوی نا، لەسەر بنەمای گەشەی هزر مێژوش لەگەڵیان دانەبڕاو بووە (ملاح، ٢٠١٣، ٣٩٤) .

زۆرێك لە بیرمەندانی ئەو بوارە، بە قووڵی لێکۆڵینەوەیان دەربارەی پاڵنەری دروستبون و داڕوخانی شارستانیەت کردووە، بەشێکی لێکۆڵینەوەکان تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش جێگای گفتوگۆن، کە شارستانیەت وەکو زاتێکی ئۆرگانی هاوشێوەی مرۆڤ و ڕووەك سەیری دەکەن، هاوشێوەی سوڕی ژیان و چۆنیەتیی گەشەکردنی مرۆڤ، لێیان ڕوانیوە (ملاح، ٢٠١٣ ،٣٩٥) .

ئیبن خەلدون و ویل دیورانتیش جەخت لەوە دەکەنەوە، سەرهەڵدانی شارستانیەت بەرەو ئاڵۆزی هەنگاو دەنێت، بەهۆی ئەو داهێنانەی مرۆڤ بۆ قۆناغی خۆی وەک پێویستی کەڵکی لێوەرگرتووە، ئەوەش بەهۆی ئەو پێشکەوتنە هزرییانەی بەدیهاتون. شێوازی ژیانیش تێکۆشان و کێبڕکێیە بۆ گۆڕان، ئینجا ئەو تێکۆشانە شار و سیستەم، وڵات و شارستانیەت لەسەر بنەمای گەشەی هزری بەرهەم دێنێت، پارێزەرەکەی دەوڵەت و هێزەکەیەتی ناوکی ئەم هێزەش لە زۆر قۆناغی سەرەتای دەمارگیریی ئاینێک بووە و دەمارگیریی ئەوکۆمەڵەیە کە سەرکردایەتیی دەکەن، ئەوەی ئەو دەمارگیرییەش زیندو ڕادەگرێت و پایەی دادگەریی ئاین و دەقەکانی بووە، وەک پایەی هزری و ئاکاری لای کۆمەڵ پەیڕەوکراون(ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ١/ ٣٤٢- ٣٥٧-٣٥٨-٣٨٣-٤٠٠؛ دیوارنت، ٢٠٠١١؛ ٣٦-٤٤؛ محەمەد، ٢٠١٢، ٢٢-٢٤ -٢٥ ٢٧).

لە ڕابردو تا ئێستاش لێکۆڵینەوە لەسەر شارستانیەت، پەیوەندییەکان، فاکتەری تێکگیران، ململانێیان و ئاستی بەهێزی مانەوەیان دەکرێت، شارستانیەت لەسەر دەوڵەت و نەتەوە ئەژمار ناکرێت، بەڵکو بەیەکەیەکی گەورەتر و ململانێیەکانیشی بە قووڵتر و فاکتەری مانەوە بە زگماکی بچوکترین یەکە دادەنێت (قادر، ٢٠٠٧، ٦٧) پرسی شارستانیەت و پاڵنەرەکانی بە ژیریی مرۆڤەوە پەیوەستن، چونکە بەشێکی دەستکەوت و داهێنانەکان بەهۆی ژیری و گەشەکردنیەوە بەدەستهاتون (قادر، ب،س، ١٣٢). شارستانیەت و گەشەسەندنەکانی بە هزرەوە پەیوەستن(محەمەد، ٢٠١٠، ١٩). هەرچی بیرۆکەی مەیدانخوازی لای توێنبی وەکو بابەتێکی بنەڕەتی، وادەکات هەمیشە ناوەندێکی زیندو لە ململانێ هەبێت و بنەمای سەرەکیی شارستانیەت بۆ ئاین دەگێڕێتەوە (محەمەد، ٢٠١٠، ١٤٣-١٤٤). ترسیش لای شارەزایان، لە کۆن تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش، خاوەن کاریگەریی قووڵ بووە لە بیرکردنەوە و ڕەفتار و ئاکاری مرۆڤ و پاڵنەرێکی گرنگی پشت ڕەفتارە کەسییەکانیش بووە (المسعودي، ١٩٨١: ١/ ٥٥- ١٠٥؛ الجاحظ، ٢٠٠٢: ١/ ١٣٠؛ دیورانت، ٢٠١١: ١/ ٣٧-٤٠).

ژیری و هزری مرۆڤ بەدرێژایی قۆناغە مێژووییەکان بەرەو کامڵبونی ژیرپرێدەکات، ژیریی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی شارستانیەت بە هاوهەنگاو دادەنرێت (هیال، ٢٠١١، ٢٠). ئاین ڕەنگە سەرەتاییترین پێشخانی هزر بوبێت بۆ دیاریدەکانی دەوروبەر،

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp20-28

بیرکردنەوەی مرۆڤ لەمەڕ پرس لە بارەیانەوە، بەم هۆیەش بەندایەتیی بۆ سروشت قبول کردبێت، لە شارستانیەتدا، پەرستگا ڕۆلی گرنگی گێڕاوە وەکو ناوەندی سیاسی و کۆی پرۆسەی هزر بووە، بەم هۆیە ڕەگی قووڵی لە گەشەو گۆڕانی قۆناغەکانی مێژوی مرۆڤایەتی و شارستانیەتدا بینوە، چونکە دەوڵەت دەتوانێ بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەم هێزە ڕۆحییە ببەستێت، چونکە مرۆڤ هەمیشە ویستویەتی بۆشاییی ناوەکیی خۆی بەو هێزە ڕۆحییە پڕبکاتەوە (ئیبن خەلدون، ١،٢٠١٦/ ٤٢٦؛ پیرداودی، ب، ش ، ١٣). لە ڕاستیدا (قوستەنتینیە) بووە ناوەندی بڵاوبونەوەی مەسیحیەت بەتایبەت دوای ئەوەی ناوەندە کارگێڕییەکان لە ڕۆما گواسترانەوە بۆ ئەوشارە و کەنیسە لەسەردەمی بێزەنتییەکان کاریگەریی هەبو، ئەمەش وایکرد بەردەوام لە بەهێزبوندا بێت و شاری (قوستەنتینیە) ببێتە ناوەندی کەنیسەی خۆرهەڵات (فرج، 2004، 4)، ئەمەش هۆکار بو کە دەسەڵاتی ئاینی و دونیایی بەردەوام بەریەکبکەون، بەڵام ئەو بەریەککەوتنە لە سیاسەتی دەرەوە ڕەنگی نەدابویەوە، بەپێچەوانەوە لەکاتی هەبونی ترس و مەترسیی دەرەکی بۆ سەر ئیمپڕاتۆریەتەکە هەماهەنگییەکی بەهێز بۆ ڕوبەڕوبونەوەی مەترسییەکان و دورخستنەوەی هەبوو، ئەمەش وای کردبوو کە دەسەڵاتی ئاینی بکەوێتە ژێر پاراستنی ئیمپڕاتۆر و دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریش بەسەر دەسەڵاتی کەنیسەدا زاڵببێت، کە ئەمانە یەکێك بون لە بنەما شارستانیەتەکانی ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی (العريني، د.ت، 25). جگە لەوەی ئاینی مەسیحی بە بیروباوەڕێکی(عقيدة) خۆرهەڵاتی دادەنرا، فەلسەفەی ئەغریقیش بەشێوازێکی نوێ داڕێژرایەوە لە بێزەنتە کە ئەوروپا قبوڵی بکات، ئەمەش لە ترسی ئەوەی لەلایەن کۆمەلگەی ئەوروپی ڕەتنەکرێتەوە (الشامي، 2002، 11).

بەشێکی زۆری شارەزایانی بواری مێژوی شارستانیەت لەگەڵ مێژوی ئاینەکان بەیەکەوە بەستۆتەوە، ئەوەش بەهۆی ئەو کاریگەرییە گەورە و قووڵەی ئاین، کە ڕەگی لەناو شارستانیەت و کۆمەڵ داکوتاون کاریگەریشی لەسەر مرۆڤ کردووە شارستانیەتەکانیش بەگوێرەی هەژمونی ئاینی و ترسی نفوزی ئاین دابەشکراون (حسن، ٢٠٠٩، ٢٣٢-٢٣٣؛ ناصر، ٢٠١٢، ٤).

## ٣. ڕۆڵی ترس لەسەر دەوڵەتی بێزەنتی و شاری(قوستەنتینیە).

مرۆڤ، خاوەن تایبەتمەندیی ئاگاییە، توانای گۆڕینی ڕەوتی ڕوداوەکانی تێدا ئافرێنراوە، مرۆڤ خاوەن ژیرییە بە پەیبردن بە شتەکان و توانای خۆی یان ئەقلی وا لە مرۆڤ دەکات توانای بەکارهێنانی بۆ دەرککردن بەشتەکان و جیاکردنەوەیان، مرۆڤ سەربەستی و ئیرادە و ئازادیی پێدراوە بۆ ئەوەی بە ئارەزوی خۆی ڕێگاییێک هەڵبژێرێت، (ئیگلتۆن، ٢٠٠٤، ١٠١-١٠٢)، مرۆڤ ئاگامەندی و ژیری و پەیبردنی تێدا ئافراوە، ئەمەش ڕۆلی گۆڕانکاری پێ دەبەخشێت، بە هەبونی ئاگامەندی و ترس لە دەوروبەریدا، هەمیشە لە دۆخی بێدارە، ئەم دۆخەش مێژوی ئاگامەندیی سروشت و گەشەی شارستانییەت پەرەپێدەدات و مرۆڤ زیاتر هەوڵی پاراستنی دەسکەوتەکانی بدات و هەمو هۆیەکانیش بگرێتەبەر(فارابی، ٢٠١٩، ٩٥-١٠٤-١٢٥-١٣٩)، خودی مرۆڤیش بەجۆرێک ئافراوە، کە پەیوەستە بە دەوروبەری، ئەمەش وادەکات وەک چۆن بکەری گۆڕانکارییەکانە، بکەوێتەژێر کۆمەڵێک کاریگەری، واتا وەک چۆن کارتێکەرە، کارتێکراویش بێت، ئەمەش بەهۆی ئەو پەیوەندییەی مرۆڤ بە دەوروبەریەوە دروست دەبێت، چونکە مرۆڤ لەیەک کاتدا بکەر و بەرکارە (کەمال، ب س، .٣٤). دەستنیشانکردنی شوێنی شارەکە وەك ناوەندێك دو مەبەستی سەرەکی هەبو، کە هەردوکیان ترسی ڕۆمای نیشان دەدا، یەکەمیان بۆ ئەوەی نزیکتربێت لە بەربەرەکان و ڕوبەڕوبونەوەیان، کە ببونە مەترسی بۆ سەر ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی و دووەمیان بۆ ئەوەی لە خۆرهەڵات چاویان لە جموجۆلی فارسەکان بێت، کە بەردەوام مایەی مەترسی بون بۆ سەر ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی و زەوییەدەوڵەمەندەکانی خۆرهەڵات، ساڵانە باجی زۆریان بۆ خەزێنەی دەوڵەت هەبو و چاوی تەماحی (ساسانیەکان) چوبوە سەر، ئەمەش مەترسیی گەورە بون بۆ ژێرخانی دەوڵەت و مەترسیی لەدەستدانی هەژمونی لەسەر ئەم خاکانە هەبو، جگە لەوەی کە خەڵکێکی زۆر لایەنگرییان بۆ دەوڵەت دروست بوو بەهۆی ئەوەی، کە مەرسومی میلان لەسالی (٣١٣ز)، لە لایەن (قوستەنتینی یەکەم ٣٠٧-٣٣٧ز)ەوە دەرچو، ئەویش قبوڵکردنی ئاینی مەسیحی بو وەک ئاینی فەرمیی دەوڵەت، کە شارستانیەتی ڕۆمانی بەرگێکی نوێیی بەبەرداکرا. ترس لە ڕوخانی دەسەڵاتی (ڕۆما) وای لێکرد بیر لە بنیادنانی ناوەندێکی نوێ بکاتەوە یان دروستکردنی شارێک بۆ پایتەختی دەسەڵاتی، ئەویش بنیادنانی شاری (بێزەنتەی) کۆن و گۆڕینی ناوەکەی بۆ (قوستەنتینە) لە ساڵی(٣٣٠ز)، هەر چەندە ئەوان خۆیان هەر بە ئیمپڕاتۆری ڕۆمانی زانیوە، بەڵام دواتر لای مێژونوسان بە ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی ناوی دەرکرد، کە ناوی شارۆچکەیەکی کۆن بو، بووە بناغەی دەوڵەتی نوێ و پایتەختیان، کە بەناوی (قوستەنتینە) ناسرا(عمران،2011 ،30؛ عمران، 2000، 29؛ شينية، 2008، 17).

ترسی مرۆڤ، بەڕادەی گەورەیی ئامانج و خاوەنداری لە شتەکانی، گەورە دەبێت، خەلکیش بۆ پاراستنی خۆیان هەمیشە بەرەو شوێنە پارێزراوەکان هەنگاویاناوە و کۆچیانکردووە، بەتایبەتی شارێک یان شوێنێک لە مەترسییەکان بیانپارێزێت و خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێزی لێبێت، یانیش هەڵکەوتێکی سروشتیی بەهێزی هەبێت، بۆیە ئەگەر سەیری شاری (قوستەنتینە)بکەین زیاتر لە پەناگەیەکی ئارام دەچێت، تاکو خەڵکەکەی لە مەترسییەکان پارێزراوبن (شارعپور، ٢٠٢٢، ١٢-١٣)، چونکە کە ترس فرەلایەن بو یان گەورە بو، توانای بەرەنگاربونی نەبو سەرچاوەی بەدبەختییە بۆ مرۆڤ، هەروەها یەکێک لە گرفتەکانی کۆمەڵگای مرۆیی ترسە (سبحانی، ٢٠٠٦، ٤٠)، هەر ئەوەش وای کرد کە ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی بیر لە گۆڕینی سیستەمی بەرگری بکاتەوە و بەهێزی بکەن، دوای ئەوەی ڕووبەڕووی مەترسی هۆزە جێرمانیەکان بونەوە لەسەروی هەمویان هەڕەشەی (گوتە خۆرئاواییەکان)، کە لە باکور و خۆرئاوای ئەوروپا ڕویان لە سنوری ئیمراتۆڕیەتی بێزەنتی لە خۆرهەڵات کردبوو، بون بە سەرچاوەی مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر پایتەختی ئیمپڕاتۆرییەتەکەیان بەهۆی مەترسی دەرەکی و ترس لە داگیرکردن و تاڵانکاری ئەم هۆزانە بیریان لە دوو بنەماکردەووە، یەک پێداچونەوە بە سوپا، دو خۆقایمکردن لەپێناو مانەوەی ئیمپڕاتۆریەتەکە بۆ ماوەیەکی درێژ(بینز، 1950، 168-169).

بە درێژاییی قۆناغەکانی مێژو، ترسی مرۆڤ لە ترس دولایەنییە، لە بارەی ترسی نەرێنی و کوشندە (هیلموت پونکەر) دەڵێت: ((دەتوانی بڵێین ئێمە بە ترس دەورەدراوین)). (پونکەر، ٢٠٠٨، 70)، شۆپنهاوەر پێیوایە جیهانی مرۆڤ و مرۆڤیش بە ترس دەورەدراون هەروەها دەڵێت: ((جیهانی زیندەوەران پر مەترسیە زۆرینەی زیندەوەران لەسەر کوشندەترین ڕاوکردن دەژین)) (کۆمەڵێک نوسەر، ٢٠١٢، ٥) بۆیەش لە کۆن بەر لە هەمو شتێک بیر لە مەترسییەکان کراوەتەوە، بەتایبەتی لەبارەی ئاوەدانی و دروستکردنی شار، چونکە هەر کاتێک لە شوێنێک، هاوسەنگیی دەرونی بەهۆی ترس و هەڕەشەوە تێکچو، ئەو شوێنە گەشانەوە و بەردەوامبونی پێشکەوتن تێدا دەوەستێت و نامێنێت(فارابی، ٢٠١٩، ١٤٨-١٤٩).

بە درێژاییی مێژوی سەرهەڵدانی شارستانیەتەکان، ترس گرنگیی تایبەتی هەبووە،

بە تێبینیکردنی کرۆکی ترسی ترس، دەروازەی فراوانتر بەڕووماندەکاتەوە، ئەویش ئەوەییە کە لەبارەی شوێن و دروستبونی شارستانیەت خێراتر بەرەو گەشەسەندن دەبات؛ ئەگەر سەرنج بدەینە شاری (قوستەنتینیە)، ئەوە ڕوندەبێتەوە، کە ترس چ ڕۆڵ و کاریگەرییەک لە دروستبون و گرتنەبەری هۆیەکانی پاراستنی ئەم شارەدا دەگێڕێت و چوارچێوەی بەرسڤی وەڵامەکانی بە بنەمای زانستی بۆ کایەکانی ژیانی خۆی دارشتووە. بەگوێرەی ئەو ترسەی کە وەکو بنەمای دەرکەوتنی شارستانیەت بووە، شارستانیەت دەکەوێتە ژێر چەندین کاریگەری، کە دەبنە هۆی پێشکەوتنی شارستانیەت و سەردەمی نوێ، بۆیە دەروازەی ئاشنابون بە هەر شارستانیەتێك زانینە دەربارەی کاریگەریەتی لەسەری، دوای ئەوەش کارلێك و کاریگەری و دیاردە سروشتییەکانی دەوروبەر کاریگەرییان لەسەر شارستانیەت. (المسعودي، ٢٠٠٥، ١٧٤؛ المقدسي، ٢٠٠٣، ١٥٣-١٥٤؛ ابن خردازبة، د.ت، ١٠٤؛ بطوطه، ٢٠٢٠، ٢٤٩؛ ئیبراهیم، ٢٠١٠، ١٩٦). ترس خاوەن کاریگەریی قووڵە لەسەر کۆمەڵگا، چونکە پاڵنەری بە کۆمەڵبون ترسە لە لەناوچون، هەروەها کۆمەڵ ترسێك هەڵدەبژێرێت کە وەکو سەرچاوەی پێداوستی پارێزراوییێت بۆیان. هەماهەنگیی کۆمەڵی، هۆیەکی گرنگە بۆ سەرکەوتن، گەشەی شارستانیەتیش پەیوەندیی بە نەمانی ترسەوە هەیە، بەڵام ترسیش هۆکارێکە بۆ ئاگاداربون لە شارستانیەت و لەناونەچونی، بۆیە کاتێك هۆنەکان هێرش دەکەنە سەر سنورەکانی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی و بەشێکی زۆری داگیردەکەن، ئیمپراتۆری بێزەنتی(ئێشیموس) لەسالی (412ز) بۆ نوێکردنەوەی کەشتیگەلی بێزەنتی پلانێکی (7ساڵی)ی دانا بۆ ئەوەی سوپاکەی بتوانن ڕووبەڕووی هێرشی بەرفراوانی هۆزە جێرمانییەکان بەتایبەتی (هۆنەکان) ببنەوە، کە ببونە مایەی مەترسی بۆ سەر ئیمپراتۆریەتەکە و دەرئەنجامەکەشی دروستکردنی (250) کەشتیی جەنگی بوو، کە بەهۆیەوە توانرا بۆ ماوەیەك مەترسیی ئەو هێزانە دوربخرێتەوە و بووە مایەی سەقامگیری لە سنورەکانیان (ضبیع، 2014، 116؛ .(Thompson,1999,34

هەرکاتێك ئیمپراتۆریەتی(بێزەنتی) کەوتۆتە ژێر مەترسیی دەرەکی و داگیرکردن هەڵوەمەرجەکانی خۆپارێزی و قایمکردنی شورای پایتەختەکەی دەستی پێکردووە، بەتایبەت کاتێك (ئەتیلای) سەرکردەی هۆنەکان لە دوای ساڵی (441ز) لە ڕوباری (دانوب) لە خۆرهەڵاتی ئەوروپا پەڕییەوە و بە هێرشەکانی بووە مەترسی لەسەر داگیرکردنی سنورەکانی ئیمپراتۆریەتەکە و خودی شاری(قوستەنتینیە)، بۆیە فەرمانڕەوایانی (بێزەنتە) لەترسی ڕوخانی دەسەڵاتەکەیان کەوتنە نۆژەنکردنەوەی شوراکانی شاری(قوستەنتینیە)ی پایتەخت بەمەبەستی قایمکردن و پاراستنی شارەکە، کە بنکەی شارستانی و ئاوەدانیی ئیمپراتۆریەتەکەبوو(ضبیع، 2014، 130-132).

## ٤. کاریگەریی ترس لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و ئاینیی شاری(قوستەنتینیە)

شاری (قوستەنتینیە) وەکو پایتەختی ئیمراتۆری(بێزەنتی) و شارستانیەتی مەسیحیەت لە خۆرهەڵات، خاوەنی تایبەتمەندیی گرنگ بووە، هەڵبەتە لایەنی هزریش تێدا گەشەیکردووە، بەجۆرێك لەنێوان ساڵانی(٣٣٠ز)تاکو(١٤٥٣ز) ماوەتەوە و بۆتە ناوەندێکی گرنگی هزری و ئاینی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەسەر مانەوەی شارستانیەتی مەسیحی لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا هەبووە، یەکێک بووە لە کۆڵەگەکانی ئاینی مەسیحی لەو ڕۆژگارە و ناوەندێکی گرنگی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئەم ئاینەش بوو، خاوەنی تایبەتمەندیی ڕۆحییش بووە، چونکە لە لایەن ئەو کەسەی ئاینی مەسیحی قبوڵکرد وەک ئاینی دەوڵەت، هەروەها جەور و ستەمی سەد ساڵەی لەسەر پەیڕەوانی ئەم ئاینە لابرد، کە لەلایەن ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بەرانبەریان دەکرا، بۆیە بۆ تەواوی پەیڕەوانی ئەم ئاینە خاوەن پێگەیەکی ڕوحیی تایبەت بو (البكري، ٢٠٠٣، ٢٣٦؛ هیال، ٢٠١١، ٢٠).

ئەم شارە زۆر جار کەوتۆتە ژێر هەڕەشەی داگیرکەران، کە بونەتە مەترسی لەسەری و ئەمەش ترسی خۆپاراستنی وای لێکردووە بەهێزەوە دەربکەوێت، بەتایبەت (ساسانیە)فارسەکان لە سەردەمی (شاپوری دووەم ٣٠٩-٣٧٩ز)، بەشێکی زۆر لە ناوچە سنورییەکانی ئیمپراتۆریەتی (بێزەنتەیان) داگیرکرد، لە خۆرهەڵات بونە مەترسی بۆسەر(قوستەنتینیە)ی پایتەختی ئیمپراتۆریەتەکە، شاپوری دووەم هێرشەکانی بۆ سەر خاکی ڕۆمی خۆرهەڵات(بێزەنتی) شێوەیەکی ئاینیی وەرگرت، چونکە بە پاڵپشتی دەقەکانی (ئاڤێستا)ی ئاینی زەردەشتی پەلامار و هێرشەکانی بۆ سەر باوەڕدارە مەسیحییەکان ڕێکخست، کوشتوبڕی زۆری لە خاکەکانی ژێردەسەڵاتی (بێزەنتیەکان)کرد، بەمەش ترسی خۆپارێزی بووە هێرشی پێچەوانە لە لایەن بێزەنتیەکان و مەترسیی (ساسانیە)فارسەکانی ڕەواندەوە و وای لە (بێزەنتیەکان) کرد بەسەرکردایەتیی (جولیان٣٦٠- ٣٦٣ز) لەسالی (٣٦٣ز) خۆیان ڕێکبخەنەوە و مەترسیی فارسەکان دوربخەنەوە و هێرش بکەنە سەر فارسەکان و تا شوراکانی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی(ساسانی) فارسی نەوەستان، ئەگەرچی (جولیان ٣٦٠- ٣٦٣ز) لەم هەڵمەتە لەنێوچو، بەڵام وای کرد(قوستەنتینە) بەهێزەوە دەربکەوێت و کاریگەریی لەسەر ئارامبونەوەی ناوچە سنورییەکان و بەرەوپێشچونی بنەماکانی شارستانیەت لە پایتەختی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی دروستکرد. (ضبیع، 2014، 58-82) .

یەکێك لە بنەما گرنگەکانی ئیمپراتۆریەتی (بێزەنتی) ئەوەبو، کە زیاتر مەیلی سیاسەتکردنیان بەرانبەر بە نەیارانیان هەبو، نەك ئەوەی جەنگیان بەرانبەر بەرپا بکەن، بەجۆرێك دوژمنانیان دوچاری شکستی دبلۆماسی بکەن، کە نەتوانن بەرانبەریان بوەستنەوە ئەو جۆرەش لە سیاسەتکردن ئەوندە گرنگی بە بەها ئەخلاقییەکان نەدەدرا، ئەوەندەی گرنگ بوو بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت بەدەستبهێنرێت، بۆیە بەهەر نرخێك بێت بۆ دوربون لە جەنگ و پاراستنی ئارامی بوو، پاراستن و ڕێزگرتن لە یاسا کە بە میراتگری لە (ڕۆما)وە بۆ (بێزەنتە) مابویەوە، لە ڕێگەیەوە توانرا دادی نادادی نەهێڵرێت و دادپەروەری لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا بچەسپێت، کە یەکێك لە بنەماکانی پێشوەچونی شارستانیەت بو. (الشامي، 2002، 55-56). گرنگیی ترس لە جولەی شارستانیەتدا گرنگە و خاوەن کاریگەرییە، چونکە شارستانیەت لە ئارامیدا گەشە و نەشونما دەکات. ژینگە و هۆکاری جوگرافی ڕۆڵیان لە ئاراستەی هزریدا هەیە و لێکەوتەکانیش دەردەکەون(ابن الهمذاني، ١٣٠٢هـ، ١٣٦؛ محەمەد، ٢٠١٢،١٠١). لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە، ئەم شارە پەناگەی لایەنگرانی ئاینی مەسیح بو لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا، چونکە هەم گەورە پیاوانی ئاینی مەسیحی لێبو، هەمیش ناوەندی دەسەڵات و شارستانیەتی مەسیحی بو، خاك و مرۆڤ لێك دابڕاونین، هەمیشە گۆڕانکارییەکان کاریگەریی ترسیان پێوە دیارە ڕەنگدانەوەکەش ئاستی پەیوەندیی نێوانیان ئاشکرا دەکات. (دیورانت، ١٩٩٩، ٣٩-٤٠-٤١). بەم پێیە ترس هێندە کاریگەریی لەسەر سەرهەڵدانی شارستانیەت هەیە، هیچ پاڵنەرێکی تر ناتوانێت ببێتە جێگرەوەی مرۆڤ و مرۆڤیش بە ترس دەورەدراوە، هەر ئەمەش وایکردوە بە ڕەگەزێکی گرنگی سەرهەڵدانی شارستانیەت بێتە ژمار، بۆیە پیاوانی ئاینی و دەسەڵاتدارانی هەمیشە بە چاوی ترسەوە لە پێشهاتەکانی ڕۆژگاریان ڕوانیوە، چونکە شاري (قوستەنتینیە) ناوەندی جیهانی مەسیحیەت بو، ( البكري، ٢٠٠٣، ٢٣٧؛ ئیبراهیم، ٢٠١٠، ١٩٤)، ئەم شارە گەورەترین شاری ئەم قۆناغەبو، ئەم چاکسازییە کۆمەڵایەتیانەی لەبواری زەوی خاوەندارییەتیی مولک بۆ خەڵکی کرابوو لەلایەن دەسەڵاتی (قسطنطینة)

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp20-28

مەترسی گەورە و مەترسیداری لەسەر بوو بەتایبەتی لە زەوییەکانی خۆرئاوای دەوڵەتی بێزەنتی بەهۆیی لێشاوی هۆزە نوێیەکان کە بەردەوام خەڵک بۆ شارەکە ئاوارە دەبون، هەرچەندە (قوستەنتینیە) یەکێك لە خاوەن ستراتیژترین جوگرافیاکان بووە، خاوەن دەمارگیریەتی و جۆشدانی بو بەرانبەر نەیارە کۆنەکەی، کە دەوڵەتی ساسانی بو، کاتێك ئاینی مەسیحی بووە ئاینی ڕەسمی (قوستەنتینیە) وەکو ناوەندی دەسەڵاتی شەرعی و دینی بۆ شارستانیەتی مەسیحی ئەژماردەکرا(اليعقوبي، 1964، 131). ڕەنگدانەوەکان بە قووڵی دەرکەوتن؛ هەڵبەتە ترسی (قوستەنتینە)، کە سەرەتای گەشەکردنی بۆ هاتنی خودی ئیمڕاتۆڕ و دەزگا ئیدارییەکانی ئیمڕاتۆڕیەت دەگەڕێتەوە، کە حەشیمەتی دانیشتوان، دوای تەواوبونی شارەکە، لەساڵی (٣٣٧ز) بە (٥٠)هەزار کەس مەزندە کراوە، بەڵام ئەو ژمارەیە لە سەرەتای سەدەی پێنجەم بە یەك ملیۆن کەس مەزندە کراوە، کە لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە بە زیادبونی نائاسای دێتە ژمار، بە جەنجاڵترین شار لە سەدەکانی ناوەڕاست دادەنرێت. (الأصطخري، 1937، 69؛ المسعودي، ٢٠٠٥، ١٧٤؛ الدمشقي، 1963، 167؛ ابن بطوطە، ٢٠٢٠، ٢٤٩) .

تەوەری سێیەم:ڕۆڵی ترس لەسەر لایەنی سەربازی و قایمکاریی شاری(قوستەنتینە).

خولانەوەی بابەتی ئێمە لە چوارچێوەی جەوهەری ترس و ڕۆڵی لە هەماهەنگی لەگەڵ پاڵنەرەکانی تر لە سەرهەڵدان و بەردەوامیدانی شارستانیەتی ڕۆمانی، کە دواتر بە دانان بە ئاینی مەسیحی گۆڕانێکی گەورەی بنەڕەتیی بەخۆیەوەبینی، وەک سەرسوڕهێنەری دونیا وەسفی کراوە (البكري، 2003، 233؛ القزويني، ١٩٩٢، ٦٠٥). پێگەی جوگرافیی لە لایەن شارەزایانی سەربازی و ئاینی و ئابوری بۆ ئیمپڕاتۆر شیکراوەتەوە، ئینجا بڕیاری دروستکردنی دراوە. ئەم شوێنە کەوتۆتە لێواری کەنداو، تەنها لە بەشی باکوری بە وشکانی گرێدراوە، بەشەکانی تری بە دەریا گرێدراوە. هەڵکەوتەی شارەکە بە ڕۆڵگێڕی سەرەکی دادەنرێت، چونکە ڕێگایەکی بازرگانیی ئاوی لە نێوان دەریای ڕەش و دەریای سپیی ناوەڕاستە، هەزاران کەشتیی بازرگانی ڕوی تێدەکرد (الأصطخري، 1937، 69؛ المسعودي، ٢٠٠٥، ١٧٤؛ الدمشقي، 1963، 167؛ ابن بطوطە، ٢٠٢٠، ٢٤٩) ترسی ئیمپڕاتۆرەکانی (بێزەنتی) لە داگیرکردن وای لێ کردن، جگە لە هەبونی پایتەختێکی تۆکمە، لە هەمانکاتدا یەکێك لە بەهێزترین سوپایەکانی جیهانی هەبێت بە هۆی بەدواداچونی ڕاوێژکارانی سەربازی ئیمپڕاتۆڕیەت بۆ تەکنیکی سەربازی و هونەری بەرگری، وای کرد زانستی سەربازی بە شێوەیەك پێشبکەوێت، تاسەردەمی نوێش پشتی پێدەبەسترا. لە گرنگترین پەرتوکە سەربازییەکانی ئەوسەردەمە، کە باسی لە هونەرەکانی سەربازی دەکرد، لە لایەن (فلافیوس فیجیتوس ڕیناتوس) نوسراوە. ئەمەش وای کرد زانستی سەربازی لە ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی لەوپەڕی پێشکەوتن بێت و ببێتە بنەمایەك بۆ بنیاتنانی سوپایەکی بەهێز و پاراستنی ئیمپڕاتۆریەتەکە لە مەترسیی دەرەکی، بەتایبەت دوای ئەوەی بێزەنتیەکان بەرانبەر هۆزە جەرمانیەکان شکستیان خوارد، بەتایبەتی (گوتەکان) لە جەنگی (ئەدرنە) لەساڵی (378ز)،کە بە کوژرانی ئیمراتۆر (فالنز) (364-378ز) کۆتاییی هات، دواتریش لە ساڵی (410ز ) ڕوی شاڵاوەکەیان گۆڕی بەرەو ڕۆما و تاڵانیان کرد، ئەمەش ئەو ترسەی گەیاندە بێزەنتە لەسەر گرنگیی ئامادەکردنی سوپایەکی تۆکمە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی دوژمنانیان، کە لەگەڵ پلان و سروشتی ئەوکات بگونجێت (عمران، 2011، 241-242؛ 345؛ ج.م.هسی، 81،1997-82)،

لە کاتێکدا لە خۆرئاوا و خۆرهەڵاتی، وشکانیی شارەکە بە شورای قایم دەورەدرابو، کە لەنێو شوراکان (٣٠٠) دەرگای ئاسن هەبون(القزويني، ١٩٩٢، ٦٠٣)، نێوان دەرگای خۆرهەڵات بۆ دەرگای خۆرئاوای بە(٢٨میل) دەخەملێنرێت(الحمري، ١٩٨٤، ٤٨٢). بەرزیی شورای شارەکە بە (٢١) باڵ دەخەملێنرێت (ابو الفيداء، ١٨٣٠، ٢١٣). شارەکە وا بەتۆکمەیی لە جێگایەکی قایم بنیادنراوە، دوژمنەکان ناتوانن زەفەری پێ ببەن. پێگەی جوگرافیی شارەکە بە شێوەیەکە، کە بەشی ڕۆژهەڵات و باکوری ڕو لە دەریایە و بەشی خۆرئاواو باشوری ڕویان لە وشکانییە (ابن خرداذبة، د. ت، ١٠٤؛ الهمداني، ١٩٨٨، ١٤٩)، زیاد لە (٤٣٨٨) باڵەخانە، (٣٢٢) شەقام، شەش کۆشکی پاشا و (١٣گەڕەك) پێکهاتبو، بەزۆری کۆشکی ئیمپڕاتۆڕ دەیانڕوانییە دەریا؛ لە جێگایەك بنیات نرا لە مەترسییەکان دور بو، بۆ پاراستن و گەشەسندن یارمەتیدەری بو (کي ليسترنج، ١٧-١٨؛ ديورانت، ١٩٨٨، ١٣/١٢-١٤-١٥). پایتەخت لەدوای مردنی (قوستەنتینی یەکەم)یش لە ساڵی (٣٣٧ز)، هەر بەگەشاوەیی مایەوە. ئەو پێشکەوتن و گەشەسەندنانەی، مەترسیی چاوتێبڕینی لە جیهان و دۆخی ئەودەم زێدەتر کرد، چونکە (قوستەنتینیە) نەك هەر بەتەنها ناوەندی کارگێڕی و پایتەخت بو، بەڵکو ناوەندێکی گرنگی ئاینی و بەرگریکارێکی سەرسەخت بو لە مەسیحییەکان بەرانبەر ساسانییەکان و هەمو هۆزە جێرمەنییەکان. لەهەمان کاتدا بەهۆی جیۆپۆلەتیکی هەلکەوتنەکەی، تکانێکی گرنگی بازرگانیی دەریایی و وشکانی بوو لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا، ئەمە بووە هۆیەك و میراتێك بۆ جێنشینەکانی (قوستەنتین) دوای (٣٣٧ز) هەرگیز جارێکی تر بەتەنها ڕۆم نەبووە پایتەختی تاقانەی ڕۆمەکان(ابن الجبير، (د.ت)،276؛ الحموي، د.ت، ٤/ ٣٤٩؛ صالح،٢٠١٧، ١٢٣). ترس، کاریگەری دروست دەکات، بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیی شاری (قوستەنتینیە) کە خاوەنی جیۆپۆلەتیکی گرنگ و ستراتیژی بو، زیاتر سەخت و پارێزراو بو، بەڵام بەردەوام بایەخ بە قایمکاریی لایەنی بەرگری درا لە دەستدرێژیی نەیارەکانیان. ئەگەرچی واتای ئەوە نییە (قوستەنتینیە) هەرگیز هەڕەشەی لەسەر دروست نەبوبێت، بەڵکو مێژوی ئەویش وەکو هەر شارێکی تر لەو قۆناغە توشی هەمان گرفتی هێرش و پەلامار دێت، بەتەنها دوای (٤٨ساڵ) دوای بنیاتنانی، یەکەم هێرش و پەلاماری گۆتە خۆرئاواییەکانەوە گەیشتە بەردەم شورای شار، بەهۆی شکستی لە جەنگی (ئەدریانۆپێل) لەسالی(٣٧٨ز)، گۆتە خۆرئاواییەکان نەیانتوانی سەرکەوتو بن، هەلکەوتەی شوێن و بنیادنان و قایمکاریی بەرگری و ئامادەی سەربازی، گرێنتیی مانەوەیان دەکرد و مەترسییەکانی ڕەواندەوە، هەرچەندە هێرشەکە هنێدە قورس و توندوتیژ بو، کە خودی ئیمپڕاتۆڕ (فالینس) تێیدا بووە قوربانی، ئەوەش دەرگای ترسی بە ڕوی شارستانیەتی مەسیحی لەخۆرهەڵاتدا کردەوە بە هۆی ئەو دوژمنە بتپەرستانەوە، جگە لە بەرەی ساسانی، ئەوجارە دوژمنانێك پەیدابون کە تاکو دەروازەکانی شار دێن و گەمارۆی دەدەن، ئەویش گۆتەکانن. (العمري، ١٩٧١، ج٢/ ١٨٥-١٨٦؛ ترخان، ١٩٥٨، ٥٨).

ئەوەی ڕاستی بێت زۆری نەبرد دانیشتوانەکەی لەترسی هاتنی هێرشی فروان بۆسەر دەسەڵاتە سیاسییەکەیان، کە هەڕەشەی لە ئاین و دەستکەوت و داهێنانی شارستانیەت دەکرد بۆیە لەساڵی (٤١٠ز) بڕیاریان دا خۆبەخشانە دەست بە نۆژەنکردنەوەی شارەکە بکەن، دوای ئەوەی گۆتە خۆرئاواییەکان لە ساڵی(٤٠٩ز) شاری (ڕۆم) پایتەختی ئیمپڕاتۆریەت ڕۆمی خۆرئاوایان تاڵانکرد و سوتاندیان، بۆیە خەلکی (قوستەنتینیە) بۆ دڵنیابون لە بەردەوامیی شارستانیەت، یان نەکەوتنە دەست هۆزە جێرمانییە بەربەرەکان، بڕیاریان دا خۆبەخشانە بەشداری لە نۆژەنکردنەوە و قایمکاریی سەربازیی شاردا بکەن(برون، ٢٠٠٩، ٩٩). لە ئەنجامدا دیواری شورای شار بە پانیی (٥م) و بڵندیی (١٢م)، بە درێژاییی حەوت کیلۆمەتر لە بەری ڕۆژاوادا و زیاد لە (٩٦) تاوەری پاسەوانی لەسەر شوراکە جێگیر کران. لە هەمان کاتدا لە

گەروی قۆچی زێرین، دەریایان بە دەیان زنجیر، زنجیرڕێژ کرد، بۆ ئەوەی هەرکاتێك لە دەریاشەوە مەترسی سەریهەڵدا، زنجیرەکان بەرزبکرێنەوە کەشتیی دوژمن توانای زەبرلێدانی نەبێت، لەم هەڵمەتەدا زیاد لە شازدە هەزار خۆبەخش کاریان تێداکرد و هەزار ساڵ ئەم شارە بەهۆی ئەو پێگە پتەوەی هەیبو توانیی ببێتە ناوەندێکی زێڕینی شارستانیەت، خۆرئاوا مۆرکی خۆی لە مێژوی شارستانیەتی مرۆڤایەتی تۆماربکات (الحموي، د، ت،٤ / ٣٤٩؛ کۆریک، ٢٠١١، ٢٣). مەبەست لە قایمکردنی شوراکانی شارەکە و فراوانکردنی دڵنیابونەوە بو لەوەی شارەکە بتوانێت بەرگەی گەمارۆدانێکی درێژ بگرێت، ئەمە لە کاتێکدا بو کە ڕوبەڕوبونەوەی هۆنەکان شتێکی حەتمی بو(ضبیع، 2014، 118)، بۆیە ناو و ناوبانگی ئەوشارە دەرئەنجامی پێگەی جوگرافیا بو بەشێوەیەك کە هەمو ڕێگاکان ئاراستەیان بەرەو ئەوشارە بو کە ببوە ناوەندی هێز لە ناوچەکەDOMINIAN)، 1917، 57).

**٥. ئەنجام:**

یەکەم: ترسی ئەرێنی بە سەرچاوەی گەشەی شارستانێتی و مێژو دادەنرێت، لە ڕوانەگەی ئەو تێگەیشتنەی کە کۆمەڵی مرۆیی هەمیشە ئامانجەکانیان لەسەر بنەمای وەستانەوە دژی ترسەکان بنیادناوە .

دووەم: هەمو ئەو ڕەگەزانەی بە بنەمای شارستانێتی و توانستی داهێنان لە پرۆسەکەدا ئەژمار دەکرێن، لە بنەڕەتدا ترسی ئەرێنی پاڵنەری سەرهەڵدان و مانەوەیانە لەم توێژینەوەیە ڕەنگیانداوەتەوە .

سێیەم: تەواوی شارستانیەتەکان بایەخی تەواو بۆ ترس دادەنێن، چونکە لەپاڵنەری پشت بەدەستهێنانی پێویستی بە کۆمەڵبونیشە، لە لەناوچون و پەلاماردا .

چوارەم: ئەوەی ئەم شارەی سەدان ساڵ بە ئاوەدانی هێشتەوە و لە تالان و وێرانکاری دوری خستەوە، نوخبەیەکی وریا بو ئەم شارەی لەسەر بنەمای پاراستن و تێگەیشتن بۆ ورد و درشتی ترسەکان بنیادنا، کە بەرگەی ڕۆژگارە سەخت و پڕمەترسییەکان بگرێت .

پێنجەم: مانەوەی(قسطنطینة) زێدە تر لەهەزار ساڵ زیندوو هێشتنەوەی مێژو و میراتی میلەتانی پێشخۆمان بو، کە بەشێکی زۆری ئەم میراتە کەونارە بۆ مانەوەی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بەهۆی دوربونی لە تالان و وێرانکاری.

**سەرچاوەکان**


برۆن، جیڤری (٢٠٠٩). پوختەی مێژوی ئەوروپا، وەرگێڕانی نهاد جلال، ناوەندی ڕۆشنبیری، هەولێر.

بونکەر،هلمۆنت (٢٠٠٨). دەروناسی تر، وەرگێڕانی: ناسر سلاحی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

پیرداودی ، هۆگر (٢٠١٠). جولێنەرەکانی مێژو، گۆڤاری مێژو-هەلێر، ژمارە، ١٦.

حسن، ئەفرام محمد (٢٠٠٩). نەخۆشییە دەروونیەکان، چاپخانەی نشرا حسان، هەولێر.

خاڵ، شێخ محمدی (١٩٦٠). فەرهەنگی خاڵ، وەزارەتی معارف، چاپخانەی کامران، سلێمانی

دیورانت، ویل (٢٠٠٧). مێژوی شارستانیەت ، ورەگێر ئازاد بەرزنجی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

ڕەبانی، ڕەسول (٢٠١٣). کۆمەڵناسی شار، وەرگێڕانی: چەکۆ ئەحمەدی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

سبحانی، ناسر (٢٠٠٦). بەندایەتی، چاپخانەی بەرهەم، سلێمانی.

شارعپور، مەحمود (٢٠٢٢). کۆمەڵناسی شار، وەرگێڕانی: زاهیر کەریم ئاغال، بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون.

عبدالرحمان، کەیوان ئازاد-علی (٢٠١٨). دەمارگیری دۆستکەی هەنگاوەکانی بەرەو دەسەلات لەگۆشەنیگای ئیبن خلدوون، جملة جامعة التنمية البشرية، (المجلد٤)، عدد٢.

علی، جعفر (٢٠١٧). کارێزما وەکو بزوێنەری مێژو، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ژمارە١١.

فارابی، ئەبونەسر موحەمەد کوڕی تەرخان کوڕی ئۆزلۆخی (٢٠١٩) بیروبۆچوونی خەڵکی شاری فازیلە، وەرگێڕانی: مەیروانی عبدول، چاپخانەی ڕەهند، سلێمانی

قادر، کامران محمد (٢٠٠٧). دانلی ڤیسکی و لێکدانەوەی بۆ شارستانیەت ی مێژو، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەش(B)، ژمارە٢٠.

قادر، کامران محمد (٢٠٠٨). کاریگەری شوێن لەسەر دروست بوونی مێژو، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەش(B)ژمارە٢٤.

قادر، کامران محمد (٢٠١٦). کۆندرسیە و پێشکەوتنی بزوتنەوەی مێژوی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ٤١ .

قانع، مەیروان وریا (٢٠١٦). مرۆڤ و کەڕامەت، تاران.

قەزاز، ئازاد (٢٠١٠). ترس و خەمۆکی، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی.

کوریك، جمس (٢٠١١). ئیمڕاتۆریەتی بێزنتی، ڕەسول سولتانی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

کۆمەلێک نوسەر (٢٠١٢). ئاشنابوون بە شوێن هاورو، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

کەمال، محمد (ب.س) هیگل، مالبۆرن.

لیدمان، ئیرك (١٩٩٧) ڕێگوزەرەی بیری سیاسی، ئاسۆس کەمال، چاپخانی مین پۆکت، ستۆکۆلم.

محمد ئاکۆ برهان، (٢٠١٠). فەلسەفەی مێژو لای ڤیکۆ، گۆڤاری مێژو، ژمارە ١٥.

محمد ئاکۆ برهان، (٢٠١٠). فەلسەفەی مێژو لای تۆینبی، گۆڤاری مێژو، ژمارە ١٤.

محمد ئاکۆ برهان، (٢٠١٢). فەلسەفەی مێژو لای ئیبن خلدوون، گۆڤاری مێژو، ژمارە٢٤.

ملاح، هاشم یەحیا (٢٠١٣). فەلسەفەی مێژو، وەرگێڕانی، دەوەن حسن، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

مێرهال (٢٠١١). گەشتەکانی مارکۆ پۆلۆ، وەرگێڕانی، ئیسماعیل شاکر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

ئیبراهیم، ئومێد (٢٠١٠). ڕۆلی جوگرافیا وەکوو کەرستیەکی جیۆ پۆلتیك، گۆڤاری مێژو، ژمارە١٤.

ئیبن خلدوون (٨٠٨ک/١٤٠٨ز)،(٢٠١٦). مقدیمە، وەرگێڕانی: سعید بەشیر، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

ئیگلتۆن، تێری (٢٠٠٤). شیکردنەوەی دەروونی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

ابن الفضية الهمداني، ابي عبدالله احمد بن محمد بن اسعاق(ت:٢٩٠هـ/٩٠٢م)، (١٩٨٨). مختصر كتاب البلدان، دار احياء، بيروت.

ابن الوردی، زين الدين عمر بن مظفر (ت:٧٤٩هـ/١٣٧٥م)، (١٩٩٦). تاريخ ابن الوردی، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن بطوطه، محمد بن عبدالله ابن جزري الكلبي (ت:٧٧٩هـــــ/١٣٧٧م)، (٢٠٢٠). رحله ابن بطوطه، الناشر مؤسسة الهنداوي، القاهرة.

ابن جبير، ابو الحسن محمد بن احمد الكناني الأندلسي(ت:٦١٤هـ/١٢١٧م)، (د.ت)، رحلة ابن جبير، دار صادر، بيروت.

ابن خرداذبة، أبو القاسم عبدالله بن عبدالله(ت:٢٨٠هـ/٨٩٣م): (د.ت)، المسالك والمالك، دار صادر، بيروت.

ابن رسته، أبو على أحمد بن عمر(ت:بعد٢٩٠هـ/٩٠٣م)، (١٨٩٣). الأعلاق النفسية، مطبعة بريل، ليدن.

ابن منظور، أبو الفضل جمال الدين محمد بن مكرم الأنصاري (١٩٩٨). لسان العرب، لشبكة إسلام ويب، مملكة السعودية العربية.

ابو الفيداء، اسماعيل بن على بن محمود (ت:٧٣٢هـ/١٣٣١م)، (١٩٣٠). تقويم البلدان، دار الطباعة السلطانية، باريس.

الإدريسي ابي عبداللة محمد بن محمد بن عبداللة بن ادريس الحموي الحسيني(ت:٥٦١هـ/١١٦٥م): (٢٠٠٢). نزهة المشتاق في الأختراق الآفاق، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة.

الاصطخري ابو اسحاق ابراهيم بن محمد الفارسي (ت:٣٤٠هـ/٩٥١م)، (١٩٣٧). المسالك والمالك، مطبعة بريل، ليدن.

البكري، أبو عبيد عبداللة بن عبد العزيزالأندلسي(ت:٤٨٧هـ/١٠٩٥م)، (٢٠٠٣). المسالك والمالك، ت: جمال طلبة، دار الكتب العلمية، بيروت.

بينز، نورمان، (١٩٥٠). الامبراطورية بيزنطية، تعريب،حسن مونس، مطبعه جنة، قاهيرة.

ترخان ئيبراهيم على، (١٩٥٨). الدولة قوط الغربين، مكتبة النهضة، القاهرة.

ج.م.هسى، (١٩٩٧) العالم البيزنطي، عين للدراسات و البحوث، القاهرة.

الجاحظ، أبو عثمان عمرو( ت: ٢٥٥هـ/٨٦٩م)، (٢٠٠٢). البيان والتبيين، دار والمكتبة الهلال، بيروت.

جواد، احمدكازم (٢٠١٩). نضريه الجبر الجوغرافي واثرها في حركة التاريخ جزيرة العرب قبل الأيسلام، مجلة باحث، لعدد٣٣.

حسن، قاسم (٢٠٠٩). فلسفة التاريخ عند ارنولد تونبي، مجلة اداب الفراهيد، العدد١.

الحميرى، محمد بن عبد المنعم الحميري(ت:٩٠٠هـ/١٤٩٥م)، (١٩٨٤). الروض المعطار في خبر الأقطار، تحقيق:احسان عباس، مكتبة لبنان، بيروت.

الدمشقي، شمس الدين ابو عبداللة محمد شيخ الربوة (ت:٧٢٧هـ/١٣٢٦م)، (١٩٦٣). نخبة الدهر في عجائب البر والبحر، المكتبة المثنى، بغداد.

ديورانت، ويل، (١٩٨٨). قصة الحضارات، تعريب، محمد بدران، بيروت، ج١٢.

ديورانت، ويل، (١٩٩٩). دروس التاريخ، تعريب، على شلش، دار جميل، قاهيرة.

الشامي، فاطمة قدورة، (٢٠٠٢). الحضارة البيزنطية، دار النهضة العربية، بيروت.

شينية، جان كلود، (٢٠٠٨). تاريخ بيزنطة، دار الكتاب الجديد، بيروت.

صالح، مهدية، (٢٠١٧). العيلاقات السياسية الساسانية-البيزنطية، دار الكتب، بغداد.

ضبيع، صلاح محمد، (٢٠١٤). دراسات في تاريخ أوروبا في العصور الوسطى، المكتب العربى للمعارف، القاهرة.

العرينى، الباز، (د.ت)، الدولة البيزنطية، دار النهضة العربية، بيروت.

عمران، محمود سعيد، (٢٠٠٠). معالم تاريخ الإمراطورية البيزنطية، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية.

عمران، محمود سعيد، (٢٠١١). حضارة الإمراطورية البيزنطية، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية.

فرج، وسام عبد العزيز، بيزنطة قراءة في تاريخ السياسي والإداري، عين للدراسات والبحوث، القاهرة.

الفيروزآبادي، مجد الدين محمد بن يعقوب، (١٩٩٨). القاموس المحيط، لشبكة إسلام ويب (مملكة السعودية العربية)

قايد، سلمية (بێ سالّی چاپ)، مثالية المكان و الزمان بين كانت و لايبنيز، مجلة الباحث الجزائر، العدد٣.

القزويني، زكريا بن محمد بن محمود(ت:٦٨٢هـ/١٢٨٣م)، (١٩٩٢). اثار البلاد و أخبار العباد، دار صادر، بيروت.

قلقشندي، أبو العباس احمد بن على (ت:٨٢١هـ/١٤١٨م)، (١٩١٤). صبع الأعشى، احمد بن على، المطبعة الأميرية، ج5، القاهرة.

كي لسترنج (١٩٨٥). بلدان الخلافة الشرقية، مؤسسة الرسالة، بيروت.

محمد، جاسم (٢٠١٠). فلسفة عيمران عند ابن خلدوون، (المجلد١٧)، مجلة جاميعة التكريت للعولم الانسانية، العدد٥ .

المسعودي، ابوالحسن علي بن الحسن بن علي( ت: ٣٤٦هـ/ ٩٥٧)، (١٩٨١). التنبيه و الاشراف، منشورات دار مكتبة الهلال، بيروت.

المسعودي، ابوالحسن علي بن الحسن بن علي( ت: ٣٤٦هـ/ ٩٥٧م)، (٢٠٠٥). مروج الذهب و معادن الجوهر، مكتبة العصرية، ج4، بيروت.

المقدسى، أبو عبداللة شمس الدين محمد البشاري(ت:٣٧٥هـ/٩٨٥م)، (٢٠٠٣). أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، تقديم: شاكر لعيبي، دار السويدي، أبوضبي.

ناصر، قيس (٢٠١٢). دور الدولة في اطروحة صدام الحضارات لصموئيل هانغتون، المجلة الخليج العربى، (المجلد٤٠)العدد١-٢.

الهروي، ابي الحسن على بن أبي بكر الهروي(ت:٦١١هـ/١٢١٦م)، (٢٠٠٢). الإشارات إلى معرفة الزيارات، تحقيق:على عمر، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة.

الهمذانى، ابي عبدالله احمد بن محمد بن اسحاق(ت:٢٩٠هـ/٩٠٢م)، (١٣٠٢). كتاب البلدان، مطبعة بريل، بريل.

ياقوت الحموى، شهاب الدين أبو عبدالله بن ياقوت (ت: ٦٢٦هـ/ ١٢٣٩)، (د.ت)، مجحم البلدان، دار صادر، مج4، بيروت

اليعقوبي احمد بن أبي يعقوب بن جعفر بن وهاب (ت:٢٨٤هـ/٨٩٧م)، (١٩٦٤). تاريخ اليعقوبي، المكتبة الحيدرية، النجف.

E.A. Thompson, (1999) The Huns, Boston Publls Library, Boston

Leon Dominian ،(1917) The Site Of Constantinople: A Factor Of Historical Value،Journal Of American Oriental Society ،Vol 37 .